# ئەزموونی رۆژنامەوانیم

## خوێندنەوەی: سەروەر ئەمین

ئـەزمـوونـی رۆژنـامـەوانـیـم بـەرهـەمـێـكـی تـری نـووسـەر و رۆژنامونووس فەرهاد عەونیە، بە قەبارەی (٣٩٠) لاپـەرە كەوتوەتە بـەردەسـتـی خـوێـنـەران و لەلایەن چاپخانەی رۆژهـەلاتـەوە چـاپ و بلاوكراوەتەوە.

ئەم پەرتووكەی فەرهاد عەونی بریتییە لـە ژیـانـی خـۆی و ئـەو یـادەوەری و یادگاریانەی كە ژیانی رۆژانـەی منداڵی و ئەو ئەزموونانەی كە لە سیاسەتدا هەیەتی، تا دەگاتە نەقیبی سەندیكای رۆژنامەنووسی كوردستان.

ئـەزمـوونـی رۆژنـامـەوانـیـم كە هـی نـووسـەر فـەرهـاد عـەونـیـە، پێشەكیەكەی لـەلایـەن عەبدوڵلا زەنگەنەوە نووسراوە، فەرهاد عەونی بە وتـەی خۆی سالانی پەنجاكانی زۆرباش لەبیرە كە ئەوكات قوتابی بووە لە پۆلی دووەمی سەرەتایی و لە یەكەم قوتابخانەی لە شاری كۆیە، ئەو نووسیویەتی ئێواران كاتێ لەبەردەم كتێبخانەی (حاجی قادری كۆیی)یەوە تێدەپەڕیم محەمەد شوان كە خاوەنی كتێبخانەكە بوو، كۆمەڵی كاغەزی پێدەدام تا بیبەمەوە بۆ باوكم، دەڵی پاش ماوەیەك باوكم فێری كردم كە جەریدەكان ببەمە ئەو ژوورەی كە كتێبخانەكەی تێدا بوو تەنانەت ئەو شوێنەشی بۆ دیاریكردووە كە رۆژنامەو پەڕەكانی لێدابنێت، عەونی دەڵی زۆر باشم لەبیرە سالی ١٩٥٦ بوو بۆ یەكەمجار توانیم ناوی رۆژنامەكە بخوێنمەوە، كە دەمبردەوە بۆ باوكم و ئەوكاتە لە پۆلی چواری سەرەتایی بووم، باوكم زۆر هانی دەدام كە ئەو نووسینە گەورانە بخوێنمەوە كە بە گەورەیی مانشێتی كە بابەتەكانی پـێـنـووسـرابـوو، دەیـوت هەولبدە نووسینە ووردەكانیش بخوێنیتەوە، بۆیە لـەم جـارە بـەدواوە لە سالی ١٩٥٧ ەوە فەرهاد عەونی هاتووچۆی كتێبخانەی گشتی دەكات و دەیەوێ پێیبگات.

فەرهاد عەونی لە گـێڕانـەوەی ئـەزمـوونـی ژیـانـی خـۆی بـەردەوام دەبێت كە چۆن قۆناغەكانی خوێندن و دواتر پەیوەندیكردنی بە شۆڕشەوە چـۆن دەستیپێكرد و دواتـریـش چـۆن یـەكـەم پـابـەتـی نـووسـیـوە و دواجاریش بلاویكردوەتەوە دواتر بووە بە رۆژنامەنووس و دواجاریش سەرنووسەری برایەتی بووە.

وێستگەكانی ژیـانـی فەرهاد عـەونـی زۆرن و دەیـان و سـەدان رووداوی خۆش و ناخۆشی تێدایە و هەمووی لە دووتوێی ئەم كتێبەدا جێكردوەتەوە.

فەرهاد عەونی لەو ئەزموونانەی كـە لـەم كتێبانەدا دەیـگـێڕێـتـەوە چ وەك پێشمەرگەیەك و دواجاریش وەك رۆژنـامـەنـووسـێـك و نەقیبی رۆژنامەنووسانی كوردستان، رۆلێكی بـەرچـاوی لـە بـەرەو پێشچوونی كـاری سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان هەبووە و بەشداری دەیان كۆنگرەو كۆنفرانسی نێودەولەتی رۆژنامەنووسی كـردووە و چەندین دەستكەوتیش بۆ رۆژنامەنووسان دەستەبەركردووە.

فـەرهـاد عـەونـی لـە ٢٨/١١/ ١٩٤٦ لە شاری كۆیە لەدایك بووە و هـەرسـێ قۆناغی خوێندنی لەو شـارە تـەواوكـردووە و بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لە ئابوری سیاسی لە كۆلێژی ئابوری و زانستە سیاسیەكان لە زانكۆی بەغداد لە سـالی ١٩٧٠ تەواوكردووە.

وێستگەكانی ژیانی فەرهاد عەونی زۆرن و دەكـرێـت لە خوێندنەوەی (ئەزموونی رۆژنامەوانیم) زیاتر پێی ئاشنا بین.




# من حقیبتي

(من حقیبتی) بەرهەمێكی تری نووسەر و رۆژنامەنووس فەرهاد عەونیە، لەلایەن قاسم محەمەد عـەلی خـراوەتـەڕوو بە تـیراژی (١٠٠٠) دانـە و بـە قـەبـارەی (٢٤٨) خـراوەتـە بەردەستی خوێنەران و لەلایەن چاپخانەی رۆژهەلاتەوە بەچاپگەیەنراوە.

فـەرهـاد عـەونـی نەقیبی رۆژنامەنووسانی كوردستان بە قەلەمە بڕشتەكەی ئەم كتێبەی خستوەتە بەردەستی خوێنەران و ئەوگوتارە رۆژنامەنووسیانەی لەخۆگرتووە كە لە رۆژنامەی (الصحفی) دا بلاویكردوەتەوە، نـزیـكـەی (٦٠) بـابـەتـی جـۆراوجـۆری لەخۆگرتووە، ئـەم نـووسـیـنـانـە تـەنـهـا نووسینێكی سادە نین و باس لە مەسەلەیەكی سادە ناكات، بەڵكو لە دەیان شوێندا بابەتی رەخنەیی و داكۆكیكردنی لە مافی رۆژنامەنووسان كردووەو، لە یەكەم بابەتی ئەم كتێبەدا ئاماژەی بەوە كردووە كە بۆچی جێبەجێكردنی یاسای سندوقی خانەنشینی رۆژنامەنووسان دواكەوتووە؟

هەروەها لە نووسینێكی دیكەدا فـەرهـاد عەونی ئـامـاژە بەوە دەكات كە چەند رۆژنامەنووسان پابەند بن بە ئیتیكی كاری رۆژنامەنووسیەوە ئەوەندە زیاتر سەركەوتوو دەبن، چونكە هەر لادانێك لە پرەنسیپی كاركردنی كاری رۆژنامەنووسی، و لادان لـە ئیتیكی رۆژنـامـەنـووسـی، لـە دواجـــار پێشێلكردنی یاسای كـاری رۆژنامەنووسی لێدەكەوێتەوە. جا بۆئەوەی رۆژنـامـەنـووسـان نـەكـەونـە هـەڵـەی رۆژنـامـەنـووسـیـەوە، ئەبێت پابەندبوونی خۆیان بە یاسای كاری رۆژنامەنووسیەوە دووپاتبكەنەوە.

